# بانگەوازێك لە کۆمونیتای کورد لە ئیتالیا

ئێمەی کورد خاوەنی مێژوویێکی پڕ لە خەبات و گیان بەخشینین لە پێناو ماف و بوونمان, خاکی کوردستانیش ئەو گۆڕەپانە بووە, ژن و پیاو پێکەوە هەوڵی سەرخستنی گشت شۆڕشەکانیان داوە بە گیان و بە خوێن و مالّ...دژ بە زولّم و زۆرداری و چەوسانەوە, تا ڕۆژگارێ و ساوەیەکی ئازادی و دیموکراسی وەك ئەمڕۆی کوردستانی باشوری پێگەیاند, ئێستاش گەلێکی نەتەوەی کورد لە ساتێکی هەستیار دا گوزەران دەکا لە نێو خەونەکانی و ڕۆژگارێکی چاوەڕواننەکراو, لەگەلّ ئەمەش دا شێوەی خەبات و سۆزی نەتەوایەتی گۆڕدراوە وەك جارانێك, بەلّێ ئێمە هەردەم لەگەلّ گەلی خۆمان داین و داوادەکەین شتەکان ڕوون بن و چارەنووسمان دیار بێ, و کەرکوکیش درکی هەموو شتێکمانە, بەلاّم لە پالّ ئەوەشدا سلّ لە پشتگیری حوکمەتی کوردی ناکەین, و ئەوانیش بە هاوکاری ئێمە دەتوانن کارتی دیپلۆماسیەت دروست بکەن و بەکار بێنن, بۆ دابینکردنی دواڕۆژێکی بەختیار و ڕوون, جا بۆیە داواتان لێ دەکەین بەرەو باولەی دەنگدان بڕۆن و دواڕۆژی خۆتان و نەوەیەك بچەسپێنن, ئیتر بۆیە وەك کۆمونیتای کورد و گۆڤاری کورد.یت بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئەوپەڕی هاوکاری کوردەکانی ئیتالیا بەکەین لە دەنگ دان, هەرچەندە قسەمان لەگەلّ حوکمەتی کوردی کرد بۆ دانانی شوێنێکی دەنگدان لە ئیتالیا یاخود چونی کوردی ئیتالیا لە هەمان ڕۆژی دەنگ دان بۆ ناو نووسینش, بەلاّم دیارە ئالۆزیەك دروست دەبوو, بۆ کۆموسیۆنی هەلّبژاردن, وامان ڕێکخست : کە تا کاتی ناو نووسین دەمێنێ هەر پێنج کوردە و بە ئۆتۆمبێلێك بچنە نزیکترین شار لە ئیتالیا ئەویش مۆنەکۆ << بەیارمونیخ<< ی ئەلمانیایە دەتوانن لەوێ ناونتان بنووسن و بۆ کاتی دەنگدانیش ماوەی 3 ڕۆژتان دەبێ, بۆ زیاتر زانیاری دەتوانن پەیوەندی بکەن


**براتان**

**دکتۆر داڤید ئیسامەددین**

**سەرۆکی کۆمونیتای کورد و بەرپرسی** www.kurd.it

**پەیوەندی**

E mail:
david@kurd.it
kamiran@kurd.it
info@kurd.it
hajar@kurd.it
Tel: 3355617105
Fax: 051377690


**زانیاریەکان لە کورد.یت وە بلاّودەکەینەوە**

**هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین, هەر شاد بن**